# ( با ) ڕەنجی بەبادایین

هێمن عەبدوڵڵا/ هۆڵەند

لە برۆکسەلەوە دەگەڕامەوە ئامستەردام ، لەو شەمەندەفەرەدا کە ئێمەی هەڵگرتبوو ، مرۆڤی جیا ، لە میللەتی جیای تێدابوون ، بۆیەش بە درێژایی ڕێگا ، گوێم لەو هەموو گفتوگۆ هەمەزمانانە گرت ، کە ڕێبوارەکان پێکیاندەگۆڕییەوە .

بەرامبەرم زارۆکێکی چکۆلەی قسەکەر دانیشتبوو ،لە تەنیشتیشم ، پیرەژنێک کە بە دامێن و چاکەتە مەخمەلییە سوورەکەی و کڵاوە کلاسیکییەکەی و دەستکێش و ماکیاجە زۆر تۆخەکەیەوە ، زۆرتر لە شاژن دەچوو ، نەک لە هاووڵاتییەکی سادە ، دانیشتبوو .

زارۆکە چکۆلەکە ، یەکجێ قسەیدەکرد و هەراسانی کردبووم ، بەڵام هاوڕێکەی ، کە هەمان پیرەژنە شیکپۆشەکەی تەنیشتم بوو ، بە بایەخەوە گوێی بۆ ڕادەداشت و بۆچوونی دەگەڵ دەگۆڕینەوە .. بە خۆمگوت : ئێمە دەبووایە ، بەرامبەر گەوران ، لەسەرچۆکدانیشین و قسانیش نەکەین ، لێ منداڵی ئێرە نەک هەر قساندەکەن ، بەڵکو مافی ڕادەربڕینیشیان هەیە ! .

* * *

منداڵیی مە ، منداڵیی کۆمەڵێک بنیادەمی لەخەمدا پیربوو بوو ، ئێمە کە چاومانکردەوە ، دەنگی تەقە گوێی کاسکردین و ناڵەی ڕۆحدەرچوونی پیاوێکیش کە لە ژێر دیواری کۆڵانەکەماندا تێرۆرکرا ، فێری گۆرانیی غەمگینی کردین .

ئێمە هێشتا چکۆلەبووین کە بێئەوەی بزانین بۆ ؟ ، فێریانکردین تەحیەتولعەلەم (1) بۆ ئاڵایەکی زوڵمخوڵقێن بکەین ، هێشتا گەرمیی باوەشی دایکمان ، وەک تامی هەڵووژەیەکی ترش ، بەسەر زمانی ڕۆحمانەوە مابوو ، کە ناچارکراین سێ کتێب بۆ ( ئەدەب و ڕێزمان و خوێندنەوە ) ی عارەبی دەبن هەنگڵنێین و بۆ زمانەکەی خۆشمان بە کتێبۆکەیەک بۆ هەمووان قایلبین .

ئێمە پرسیارمان زۆربوون ، لێ زللەی باوکمان بێدەنگیکردین .

* * *

کە دڵتەنگدەبم ، هیچ دیمەنێک لە دیمەنی ئەو زارۆکە بە نیعمەتشادبووانە شیرینتر نییە لە لام ، کە لێرە ، لە کیشوەری نوێیەتییەکان ، پڕبەدڵ قاقا لێدەدەن .

لێرە سەرنج لە شەڕی مافویستیی زارۆکانەدەدەم ، دەبینم شەڕی وان هەمان ئەو شەڕە نییە کە ئێمە دەبووایە بیکەین ، ئەوان شەڕی ئەودیو خۆشگوزەرێنی دەکەن ، بەڵام ئێمە شەڕی گەیشتن بە خۆشگوزەرانیشمان نەکرد .

لێره كه منداڵ له دایكده‌بێ ، به‌ر له‌وه‌ی بێت ، به‌رنامه‌ی بۆ دانراوه .. په‌روه‌رده‌یه‌كی تۆكمه ، سیستمێكی خۆراكیی ساغڵه‌م ، بایه‌خپێدانێكی تایبه‌ت و به چاوی بنیاده‌می ته‌واو سه‌یركردن و ....هتد .
لێره منداڵ كه له‌دایكبوو ، یه‌كسه‌ر ژوورێكی پڕ له له‌یستۆكی بۆ جیاده‌كرێته‌وه ، به‌مه‌ش به بێئه‌وه‌ی شه‌ڕی رێكخستنی ده‌ستوور و دانیشتن له‌گه‌ڵ جه‌عفه‌ریه‌كاندا بكات ، فێده‌ڕالیزمی خانه‌واده‌گی وه‌رده‌گرێت ! ، ئه‌و فێده‌ڕالیزمه‌ش هه‌تاهه‌تایه نییه و پاش هه‌ژده‌ساڵ ، به بێ رێفراندۆم و به بێ ترسان له ناڕه‌زایی و كێشه‌سازیی هاوسێیان ده‌بێته ( سه‌رخۆبوون ! ) .
ده‌مگوت : ئێوه چه‌ند خۆشبه‌ختن ، كه به فێده‌ڕالیزم رازینین ، ده‌یانگوته‌وه : به بێ سه‌رخۆبوون مرۆڤ كامڵ نییه !.

*　　　*　　　*

ئێمه منداڵبووین ، كه‌س لێی نه‌پرسین : حه‌زتان له كوێیه بۆ ژیان ، بۆیه‌ش كه له‌سه‌ره‌تای راپه‌ریندا ، ماڵمان چووه‌وه بۆ قه‌ڵادزێ ، جگه له داروپه‌ردووی خانووه تێكدراوه‌كانی شارێكی رووخاو ، شوێنێكی دیكه‌مان شكنه‌ده‌برد بۆ یاریكردن .
له‌یستۆكی مه ، پارچه بلۆك و له‌ته شیش و ورده بزمار و قاپۆڕی گولله بوون ، له یه‌كه‌م رۆژیشه‌وه نه‌ك هه‌ر فێده‌ڕالیزم باسێكی نه‌بوو ، به‌ڵكو ده‌بووایه ، به تاكده‌سه‌ڵاتیی بێزه‌بر و زه‌نگی باوكیشمان زۆر شوكر بین ! .

*　　　*　　　*

ئێمه كه حه‌سره‌تی ماڵی خۆهه‌بوون و وه‌ده‌ستهێنانی سه‌رخۆبوونمان ده‌كێشا ، به پارچه بلۆكه‌كان چواردیوارێكمان دروستده‌كرد ، له‌ته شیشه‌كانمان ده‌كردنه كاریته‌ی چواردیواره‌كه و ورده بزمار و قاپۆڕی گولله‌كانیش ده‌بوونه ( گوڵ و گوڵدان ! ) . ده‌مایه‌وه ( پیاو ) و ( كه‌یبانوو ) ی ماڵ، ئه‌ویش ئاسانبوو ، ئازاترین كورمان ده‌بوو به ( زاوا ) و جوانترین كچیش – به مه‌رجێك كه‌س به دایكی نه‌ڵێت ! – ده‌بووه ( بووك ) .
ئیتر ئاهه‌نگێكی خنجیلانه‌شمان سازده‌دا و ده‌ستمانده‌كرد به هه‌ڵپه‌ركێیه‌كی نارێك و به‌یه‌كدیپێكه‌نین ، ئێمه له شادیدا رۆده‌چووین ، لێ بایه‌ك ده‌هات و له‌ته شیش و نایلۆنی له‌سه‌ر چواردیواره‌كه هه‌ڵده‌داین و كه‌مێك دیواره‌كه‌شی ده‌رووخاند .
ئێمه كه ده‌ماندیت ، ( با ) ره‌نجی به‌بادایین ، كزه له‌جه‌رگمانه‌وه ده‌هات ، به‌ڵام دیسانیش پێده‌كه‌نینه‌وه و سه‌رله‌نوێ تێهه‌ڵده‌چووینه‌وه .

*　　　*　　　*

منداڵیی مه ، ئاوابوو ، ( با ) ره‌نجی به بادایین و كزه له جه‌رگمانه‌وه هات ، به‌ڵام پێكه‌نین و سه‌رله‌نوێ تێهه‌ڵچووینه‌وه .
□□□□□□□□□□..........................................................□□□□□□□□□□□.□.
(1) سڵاو بۆ ئاڵا ..

www.hemnabdulla.blogspot.com